سەرۆکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی ئەحمەد شەرع کرد



سەرۆکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان لەگەڵ نامەیەکدا پیرۆزبایی لە سەرۆکی ئیدارەی نوێی سوریا دەکات بەبۆنەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد و بە "برای فەرماندە" ناوی دەبات و دەڵێت: "خوازیارین گەلی کوردمان لە ژێر سەرکردایەتیی دانایانەتاندا خۆشی لە بوون و مافەکانی ببینێ".

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و هاتنە ئارای گرووپانکارییەکان لە سوریا، عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، نامەیەکی بۆ ئەحمەد شەرع سەرۆکی دەستەی تەحریری شام کە ئێستا سەرۆکی ئیدارەی نوێی سوریایە نارد و تیایدا ڕایگەیاندووە کە "ڕزگارکردنی سوریا لە ژێر نیری ئەو ڕژێمە تاوانکار و خەسەپێنەر و پێشێلکارەی مافی گەلانی سوریا، بازدانیکی جەرییەی بۆ خەڵکی سوریا و، شۆشگێڕانی بە سەرکردایەتیی ئەوە بەرەو ئازادی".

عەلی باپیر دەڵێت: "ئومێدمان وایە ئەو کاروانە بەپیت و فەڕە بەردەوام بێت بۆ تەواوکردنی بەدەستهێنانی خواستەکانی گەلانی سوریا و، دەستەبەرکردنی مافەکانی هەموو

هاووڵاتیيان بەڕەب و کورد و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە لەژێر چەتری سەروەریی یاسا و هاووڵاتیبوون".

سەرکی کۆمەڵی دادگەری بۆ سەرکی ئیدارەی نوێی سوریا نووسیویەتی: "ئێوە ئەمڕۆ - وەک لەلاتان ڕوونە - لەو قۆناغی بەڕێوەبردنی وڵاتدان کە جیایە لە قۆناغی شۆڕش، لەبەر ئەوە لە خوا "سبحانه وتعالی" دەپاڕێینەوە سەرکەوتووتان بکات بۆ هەر شتێك کە لە سوودی ئایینەکەی و بەندەکانیدایە".

ئەوەشی خستووەتەڕوو کە "ژمی لەناوچوو نکووێیی لە ناسنامەی گەلی کورد کرد و، هاووڵاتیانی کوردی بەبەش کرد لە سادەترین مافی هاووڵاتیبوون، وەک: دانینیان لە هەگەزنامەی سووریی و، بەڵگەنامەی هاوسەرگیریی و، نەڵەخساندنی هەلی دامەزراندنیان بەو بڕوانامە زانکۆییەی کە دوای چەندین ساڵ خوێندن بەدەستیان دەهێنا".

عەلی باپیر بۆ ئەحمەد شەرع رایگەیاندووە کە "خوازیارین گەلی کوردمان خۆشی لە بوون و مافەکانی ببینێ لە چوارچێوەی حوکمانیی داهاتوو لەژێر سەرکردایەتیی دانایانەتاندا".

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ برای فەرماندە ئەحمەد شەرع
فەرماندەی گشتیی بەڕێوەبردنی سووریا

السلام علیکم ورحمەت اڵ وبرکاته
خۆشحاڵم کە ئەم نامەیەتان بۆ دەنێرم، پاش پیرۆزبایی لێکردنتان بە سەرکەوتن بەسەر ژمی دیکتاتۆریی فەوتاودا، ژمی حوکمانیی بەششار ئەسەدی بەعسیی، ئەو ژمەی کە خراپە و تاوانکاریی لەزەویدا بڵاوکردەوە و، تاڵاوی زەلیلیی و ئیسوایی بەگەلانی سووریا چێژت بەهەموو پێکهاتەکانیەوە.

ڕزگارکردنی سووریا لەژێر نیری ئەو ژمە تاوانکار و خەسەپێنەر و پشتڵکارەی مافی گەلانی

سووریا، هەنگاوێکی گرنگە، بەڵکو بازدانێکی جەرییەیە بۆ خەڵکی سووریا و، شۆڕشگێڕانی بەسەرکردایەتیی ئەوە بەرەو ئازادیی، ئومێدمان وایە ئەو کاروانە بەپیت و فەڕەهەنگ بەردەوام بێت بۆ تەواوکردنی بەدەستهێنانی خواستەکانی گەلانی سووریا و، دەستەبەرکردنی مافەکانی هەموو هاووڵاتییان بەبێ جیاوازی و کورد و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە، تاك تاك و پێکهاتەکان، مسوگەرمانان و ئەوانی دیکەش، لەژێر چەتری سەروەریی یاسا و هاووڵاتییبوون.

ئەوەی ئەمڕۆ - وەك لەلاتان ڕوونە - لەو قۆناغی بەدوای وەاتدان کە جیایە لەو قۆناغی شۆڕش، لەبەر ئەوە لەو خوا "سبحانه وتعالی" دەپاڕێنەوە سەرکەوتووتان بکات بۆ هەر شتێك کە لەو سوودی ئایینەکەی و بەندەکانیدایە، لەو بنیاتنانەوەی سووریایەکی گەشەسەندوو لەژێر سایەی حوکمانییەکی مسوگەرمانەی دادگەر، دوور لەو خۆسەپاندنی پێکهاتەیەك بەسەر ئەوانی دیکەدا و، خوازیارین گەلی کوردمان خۆشی لەو بوون و مافەکانی ببینێ لەو چوارچێوەی حوکمانیی داهاتوو لەو ژێر سەرکردایەتیی دانایانەتاندا، وەك خوا "سبحانه وتعالی" دەفەرموێ: (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)، واتە: (گەلاومانن بۆ چەندان نەتەوەو هۆز تاکو پێك ئاشنابن)، بەڵام ژێمی لەناوچوو نکووێیی لەو ناسنامەی گەلی کورد کرد و، هاووڵاتییانی کوردی بەبەش کرد لەو سادەترین مافی هاووڵاتییبوون، وەك: دانینیان لەو ڕەگەزنامەی سووریی و، بەڵگەنامەی هاوسەرگیریی و، نەڵەخساندنی هەلی دامەزراندنیان بەو بڕوانامەو زانکۆییەی کەو دوای چەندین ساڵ خوێندن بەدەستیان دەهێنا.

لەو خوای پەروەردگار دەپاڕێنەوە کەو سووریای نوێ و وڵاتی شام بپارێزێت لەو بڵسەی پیلانگێڕان و پیلانەکانیان و، بیگەیەنێتەو کەناری ئارامیی و سەقامگیریی.

والسلام علیکم ورحمەو اللە وبرکاتە

براتان

عەلی باپیر

سەرۆکی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان / عێراق

11 / ڕەجەب / 1446 ك

11 / 1 / 2025 ز